# سەرکردایەتیی سیاسیی کورد و گۆڕانکارییەکانی سەردەم!

سیروان کاروانی

ئەو هەموو پڕوپاگەندانەی لە خوارووی کوردستان لە کەنالە ڕاگەیاندن و سەر ڕۆژنامە و لادیوار و لاسووچەکانەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی عێراق دەکران و لەلایەن تێکڕای گەلی کوردەوە لە هەموو قوژبنەکانی جیهاندا چاوەڕێی ئەنجامە باشەکانی لێ دەکرا کە لە بەرژەوەندیی نەتەوەییی گەلی کورد بێت، ئەوەی بۆ هەموو لایەک سەلماندەوە کە یەک ئیرادەیی ناشێ هەر خەون بە سروشتی سەوزەوە بێت، بەڵکوو توانای مرۆڤ هێندە گەورەیە کە دەتوانێ ئەو ڕاستییە بکات بە بەشێک لە ژیانی داهاتوو. هەر بەو هومێدەشەوە بەشێکی گەورەی هاوولاتییانی کورد بەشدارییان لە هەردوو هەڵبژاردنەکانی پاردا کرد. دەشبێ سەرکردایەتیی سیاسیی کورد ئەو ڕاستییە بە باوەڕەوە لای خۆی پیادە بکات کە هەوڵی یەکخستنەکان بۆ بەرزڕاگرتنی سیمای نەتەوایەتیی کوردی لە ڕاستی و سەرکەوتن و گەیشتن بە تەواوی مافەکانی گەلی کورد نزیکی دەکاتەوە و لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆدا لە هەوڵی دیبلۆماسییەتدا سەرفرازی دەهێنێتەپێش.

لە سەردەمی ئێستادا کە کورد لەبەر هەر هۆیەکی تریش بێت بە قورساییەکی زۆرەوە لە هەڵبژاردنەکانی 30ی 01 و 15ی 12ی 2005دا بۆ ئەنجوومەنی نیشتیمانیی عێراق دەنگی دا، بەو مەبەستە بوو کە بەرژەوەندیی گەل بخرێتە سەرووی هەموو شتێکی ترەوە و بۆ ئایندە خەبات بۆ کوردستان وەک نیشتیمانێکی ئازاد و کورد وەک گەلێکی سەربەخۆ بکرێت. بۆیە ئەوەی کە لەمڕۆوە کاربەدەستانی کورد لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان هەنگاوی بۆ دەنێ، دەبێ لە ئاست قورساییی بەشداریکردنی جەماوەر بۆ هەڵبژاردنەکاندا بێت و هەردەم بە باوەڕی تەواوی کوردانەوە بێت، ئەو کەسانەش کە بۆ ئەو پۆستانە دادەنرێن، بریتی بن لە خەڵکانی خاوەن ئەزموون و شارەزا لەو بوارانەدا کە دەستی دەدەنێ.

ئەمە ویست و ئارەزووەکانی گەلی کوردی جارێکی تریش بەدەرخست کە گەلی کورد یەک ئیرادە و یەک ئیدارەی بە مانا ڕاستەقینەکەیەوە دەوێ، هەقە لێرەوەش سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بە قووڵی لەو مەسەلە چارەنووسسازە بڕوانێ کە سەرتاپای دید و بۆچوونەکانی گەلی کوردیان داگیر کردووە، دەنا دەبێ پرسیارێک لە خۆیان بکەن. لەم کاتەدا کە هەلومەرجی ناوچەکە بەو شێوەیەی لە لایەنی سیاسیی کوردی ویست و، هەموو گۆڕانکارییەکانیش لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا وا دەخوازن، دەبێ ئەو هەمئاهەنگیانەی لە کەنالە ڕاگەیەندنەکانەوە بۆ جەماوەری کورد بەیان دەکەن، لە ئاست گۆڕانکارییەکانی ئەم وەختەدا بن و ئیتر ئەو زەمانە بەسەرچوو کە بیر لە کارەساتی ناوخۆ بکرێتەوە.

دەبێ سووک و ئاسان بەرەی سیاسیی کوردی لێرە بەدواوە بە هەنگاوی تازە و بەرچاوەوە خۆی بەناو بۆچوونی خەڵکی کورددا بکات و لە هەلومەرجی سیاسیی کورددا بە ڕوویەکی پڕ لە شانازییەوە خۆی بە کەنالەکانی ڕاگەیاندندا بکات و، بەوەی کەوا لاپەڕەیەکی تازە لە مێژووی گەلی کورددا پڕ بکاتەوە، بتوانێ شتی نوێ پێشانی گەلی کورد بدات.

پێویستە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد زۆر ژیرانە لە ناوەندی دەستەڵاتدا بەرەوڕووی ململانێ سیاسییەکان بێتەوە و لەمڕۆوە هەوڵی تەواو بدات بۆ بە فەرمی ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کە

لەسەر دەستی ڕژێمەکانی پێشوو هاتۆتە ئاراوە و هەوڵ بۆ بەدەرخستنی تەواوی چارەنووسی ئەنفالەکان بدرێ و قەرەبووی زیانەکان بکرێتەوە و هەروەها قوربانییانی هەڵەبجە و شێخ وەسان و بادینان و شوێنەکانی تر وەک هەوێنی شۆڕش و کوردایەتی تەماشا بکرێن و چارەنووسی کەرکووک بەو شێوەیەی ئێستا بزر نەکرێ. پێویستیشە لەسەر حکومەتی چوارساڵی داهاتووی عێراق بۆ هەر یەکێک لەو ڕۆژانەی کارەساتی وا گەورەی تێدا ڕوودا، بکات بە ڕۆژی تایبەت بۆ یاد کردنەوەی ئەو ئێش و ئازارە سەختانە و نەفرەت لەو ڕژێمە دڕندانەی کە هۆی سەرەکیی ئەو ڕۆژە سەختانە بوون.

پیرۆز بێت هەمئاهەنگی، تەبایی، یەکخستن و یەکهەڵوێستیی ڕیزەکانی گەل.

2006.01.10